# پاكو پيس

## سەلام عومەر

چياكان ئەوانەی پەناگە بوون بۆ ريشنەكانی دوێنێ هەميشە دووبارەی دەكەنەوەو دەڵێن: ئێوە لەمنن‌و من قەد لەئێوە نيم. من بەبا تەزيوەكانی كوێستان پتەوتر دەبم, هەورە سپیو بەفراويەكان, روم سپی دەكەن, نركەيەكم ئەوەی نەمەوێ نايەڵم بمگاتێ, سەرم لە كەشكەلانەو ڕەگم بەنێو ئەم خاكە سوتەمەڕۆيەدا ڕۆچووە, كانياوی دامێنم مژدەی لە دايكبوونەوەيەو ئێوە بەمنەوە جوانن, من هەردەمێنم وئێوەش لەنێو شارە دەرياييەكان لەنێو دامێنی كچە ناسكۆڵەكاندا پيردەبن‌و ئەوەی هەتانە جێی دە هێڵن, وەك گەڵای درختەكان بەشەماڵێك هەڵدەوەرن, ناسك دەبن‌و بايەكی تەزيو شلتان دەكاتەوە, بەڵام من هەميشە سەرچاوەی ژيانەوەی نەوەكانتانم, پەنايەكم دژ بەوپلانەی لە هەر چوار لاوە دەكرێتە سەرتان, لە هەر پارچەيەكی ئەم نيشتمانە لەتكراوەدا, ڕاوتان نێن, يەكسەر دەگەڕێنەوە دامێنی من, من پلانم بۆ پوچەڵكردنەوەی پلانەكان‌و لە باوەشی مندا نەبێ, هيچ( دامێنێك )فريتان ناكەوێ, چونكە لەوێدا منداڵ دەبنەوە, گەورەيتان لە گۆڕێ دەكەوێ‌و ڕابردووە پڕ لەسەروەريەكان, ئەوانەی داستانەكانی تۆماركرد, لەبەردەم ژنە منداڵ‌و تازەكاند دەبێتە گەمەی منداڵان, ئەوگەمانەی ئێستا نەخۆمان‌و نە منداڵەكان نايزانين, چونكە منداڵەكانی ئەمڕۆ هەر خەريكی ئەو تەكنەلۆژيايەن كە لە پڕ هاتە ناومان‌و لەنێو قوتابخانە باڵاكانيشدا, تەنها بير لە سوار بونی ئۆتۆمێلە كريستاڵيەكان دەكەنەوە, منداڵەكانی سەرەتای ئازاديش. كە ئێستا لاون, بەدوای نهێنيەكانەوەن ئەو نهێنيانەی وەك‌و بوخچەيەكی نەكراوە, كەس ناوێرێ دەستی لێبدا, گومانيان هەيەو دەيانەوێ دۆسيەكان هەلدەنەوە, دەڵێن ئێستا كاتی ئەو گۆڕانانەيە كەئێمە دەمانەوێ, كاتی دياريكردنی چارەنوس‌و ئاشكرا كردنی هەڵوێستەكانە, ماندوەكان ئەوانەی دەيان ساڵ ريشيان نەتاشی دەبێت بحەسێنەوەو ئەوانەش كەچاوساغی يان روانگەی روخانی خانووە كاريتەييەكان بوون و خۆيان لەپەنای ئەوان حەشارداوەو هيچيان نەكردووە و هەميشە كۆسپ بوون, دەبێت خەڵكی بيان ناسن ،ئاخر لاوەكان دەيانەوێ پاكو پيسەكان ليك جيابكرێنەوە! ....